No: ‌‌ ژمارە: ٢/ ٩٨٩٣

Date: / /٢٠١٦ ‌‌ ڕێکەوت: ٢٢ / ٦ / ٢٠١٦ ی زاینی

٤ / ٤ / ٢٧١٦ ی کوردی

# ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٦

### ڕێنمایی مافی سەرپەرشتیکردنی خوێندنی باڵا و مەرجی ئەندامیەتی لێژنەی گفتوگۆی خوێندنی باڵا ( ماستەر و دکتۆرا)

پاڵپشت بە ماددەکانی ( ٢، ٣، ٤، ٥) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو، دوابەدوای فەرمانی وەزاریمان ژمارە ( نووسینگە/ ٨٠٧) لە (٢٠١٣/٤/٢٩) تایبەت بە ڕێکخستنەوەی مافی سەرپەرشتیاری خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا) لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، دوای وەرگرتنی ڕاوبۆچونی زانکۆکان بەمەبەستی پێداچونەوەو دیراسەتکردنی ئەو ڕاوبۆچونانە لەلایەن لێژنەیەکی تایبەت لە دیوانی وەزارەت، بڕیاردرا بە دەرکردنی ڕێنمایی مافی سەرپەرشتیکردنی خوێندنی باڵا و مەرجی ئەندامیەتی لێژنەی گفتوگۆی خوێندنی باڵا ( ماستەر و دکتۆرا) بەم شێوەیەی خوارەوە:

## یەکەم/ مافی سەرپەرشتیکردنی خوێندنی باڵا:

1 . خشتەی مافی سەرپەرشتیکردنی خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا) بەپێیی ئەم خشتەیەی خوارەوە دەبێت:

| پلەی زانستی | دکتۆرای سەرپەرشتی کردوە | | ماستەری سەرپەرشتی کردوە | | سەرپەرشتی خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا)ی نەکردە | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دکتۆرا | ماستەر | دکتۆرا | ماستەر | دکتۆرا | ماستەر |
| پرفیسۆر (دکتۆرا) | ٣ | ٤ | ٢ | ٤ | ٢ | ٢ |
| پرۆفیسۆری یاریدەدەر (دکتۆرا) | ٢ | ٣ | ١ | ٣ | ١ | ٢ |
| پرۆفیسۆری یاریدەدەر (ماستەر) | - | - | - | ٣ | - | ٢ |
| مامۆستا (دکتۆرا)* | - | - | (١) یەک بەهاوبەشی لەگەڵ پلەیەکی زانستی بەرزتر | ٣ | - | ١ |

*تێبینی / هەڵگری نازناوی زانستی (مامۆستا) پێویستە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بێت و، مەرجە (١) یەک ساڵ بەسەر نازناوی زانستی تێپەڕبوبێت و، (١) یەک توێژینەوەی زانستی دوای نازناوی زانستی ( مامۆستا) لە گۆڤارێکی ( محکم ) بڵاوکردبێتەوە، کە (impact factor)ی هەبێت.

2 . ئەنجومەنی زانکۆکان مافی ئەوەیان هەیە کە بڕیار بدەن هەر مامۆستایەك دەتوانێت سەرپەرشتی چەند خوێندکار/ قوتابی خوێندنی باڵا ( ماستەر و دکتۆرا) بکات، بە مەرجێك لە میچ ( سقف)ی خشتەکە تێپەڕ نەکات.

**دوەم/ مەرجی ئەندامیەتی لێژنەی گفتوگۆی خوێندنی باڵا ( ماستەر و دكتۆرا) :**

١. بۆ تاوتوێكردنی نامەی ماستەر، مەرجە ژمارەی ئەندامانی لێژنەی گفتوگۆ لە (٣) ئەندام كەمتر نەبن، جگە لە سەرپەرشتیار و، پێویستە بەلایەنی كەم دو ئەندامیان لە دەرەوەی زانكۆ بن و، ئەندامەكەی تر ناوخۆی زانكۆ بێت.

٢. بۆ تاوتوێكردنی تێزی دكتۆرا مەرجە ژمارەی ئەندامانی لێژنەی گفتوگۆ لە (٥) پێنج ئەندام كەمتر نەبن (جگە لە سەرپەرشتیار) و، پێویستە بەلایەنی كەم (٣) سێ ئەندامیان لە دەرەوەی زانكۆ بن، كە پلەی زانستیان لە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) كەمتر نەبێت و، (٢) ئەندامەكەی تر ناوخۆی زانكۆ بن، كە پلەی زانستیان لە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر ) كەمتر نەبێت.

**سێیەم: ئەم ڕێنماییانە لە ڕێكەوتی دەرچونیەوە كاری پێدەكرێت و، هەر ڕێنماییەكی تر لەمەو پێش دەرچوە، كە ناكۆك و پێچەوانە بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییە، ئەوا كاری پێناكرێت.**

د.یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

وێنەیەک بۆ:-

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد / ڕۆژنامەی وە قایعی كوردستان/ تكایە بۆ بلاوكردنەوەی / لەگەڵ ڕێزدا.
- ڕاوێژكاری جەنابی وەزیر بۆ كاروباری خوێندنی باڵا / بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- ڕاوێژكاری جەنابی وەزیر بۆ كاروباری تواناسازی / بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆكایەتی گشت زانكۆ حكومیەكانی هەرێمی كوردستان/ بۆ زانین و كاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی كوردستان بۆ پسپۆڕییە پزیشكییەكان/ بۆ زانین و كاری پێویست بە پێی پەیوەندی / لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی كوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ بۆ زانین و كاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەكانی دیوانی وەزارەت / بۆ زانین و كاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی كاروباری یاسایی ، لەگەڵ بەراییەكان .
- دەركردە خولاو .